# چەند کورتیلە نامەیەک

**ئا: سەرنووسەر**

*** چەند کورتیلە نامەیەکی فەلەکەددین کاکەیی (١) بۆ ئازاد عەبدولواحید**

*** نامەی یەکەم**

بەناوی خوا

بەڕێز لیژنەی یادکردنی (یادکردنەوەی) ٩٩ ساڵەی ڕۆژنامەی (ڕۆژنامەگەری) کوردی

سڵاو و ڕێز:

بەڕێز کاک ئازاد عەبدولواحید نوێنەری وەزارەتی ڕۆشنبیرییە لە لیژنەکەتان (٢)، تکایە هاریکاری بکەن، تا بە هاوکاری وەزارەتەکەمان ئاهەنگێکی قەشەنگ و گونجاو بۆ یادی (٩٩) ساڵە و (بەرەو ١٠٠ ساڵەی) ڕۆژنامەی (ڕۆژنامەگەری) کوردی ساز بدرێت، لەگەڵ سوپاس (٣).

**ئیمزا**

**١٩٩٧/٣/١٩**

*** نامەی دووەم**

نامەی سەرۆ قادر (٤) بۆ فەلەکەددین کاکەیی.

بۆ زۆر بەڕێز و خۆشەویستم مامۆستا فەلەکەددین

سڵاوێکی گەرم، هیوام خۆشی و سەرکەوتنتە.


بەڕێزم: کاک فەیسەڵ دێهاتی (٥) نووسەرێکی باشی هاوکاری منە لە گوڵان، کتێبێکی ئەدەبی هەیە، دیارە دەیەوێ بیداتە چاپ لای بەڕێزتان، منیش بۆ ئەم مەبەستە ناردمە (ناردمە) لای بەڕێزت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**دڵسۆزت**

**سەرۆ قادر**

**١٩٩٧/٤/٢٣**

ڕەوانشاد فەلەکەددین کاکەیی کە سەرۆکی لیژنەی چاپ و هاوکاریکردنی کتێبی نووسەرانی


هەرێمی کوردستانی عێراق

سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی ڕۆشنبیری
نووسینگەی وەزیر

ژمارە :
بەروار : / / ١٩٩

بەناوی خوا

بەڕێز لیژنەی یادکردنی ٩٩ ساڵەی ڕۆژنامەی کوردی

بابەت/ سڵاو و ڕێز:

بەڕێز کاک ئازاد عبدالواحد نوێنەری وەزارەتی ڕۆشنبیرییە لە لیژنەکەتانە. تکایە هاریکاری بکەن، تا بە هاوکاری وەزارەتەکەمان ئاهەنگێکی قەشەنگ و گونجاو بۆ یادی ٩٩ ساڵە و (بەرەو ١٠٠ ساڵەی) ڕۆژنامەی کوردی ساز بدرێت. لەگەڵ سوپاس

١٩٩٧/٣/١٩

فلك الدين كاكەیی
وەزیری ڕۆشنبیری

کورد بوو، منی وەک سکرتێری ئەو لیژنەیە دەستنیشان کردبوو، بۆیە هەر بابەتێک پێوەندی بە چاپی کتێبەوە هەبووایە، ئەوە ڕەوانەی لای منی دەکرد. ڕاستە خۆی سەرۆکی ئەو لیژنەیە بوو، منیش سکرتێری لیژنەکە بووم، بەڵام لەبەر سەرقاڵی و ئیشی زۆر، پێی نەدەکرا هەموو جار لە کۆبوونەوەی هەفتانەی ئەو لیژنەیەدا ئامادەبێ، لەبەر ئەوە پێی دەگوتم لە جیاتی من دەوری سەرۆکی لیژنەکەش ببینم، بۆیە ئەو نامەیەی (سەرۆ قادر)ی وەک زۆر کاری دیکە حەواڵەی لای من کرد و ئەم پەراوێزەی بۆ نووسیبووم: **(برای بەڕێز ئازاد عەبدولواحید.. تکایە کتێبەکەی کاک فەیسەڵ دێهاتی وەرگرن، تا لە لیژنەکەمان باسی لێوە دەکەین، سوپاس.. ئیمزا فەلەکەددین کاکەیی – ١٩٩٧/٤/٢٦)**

*** نامەی سێیەم**

**بۆ گوڵان و ڕامان**

**بەڕێز کاک ئازاد عەبدولواحید**

**سڵاو:**

برادەرێک هاتووە بەناوی کاک (ئەبووبەکر) (٦) داوای گۆڤارەکانی (ژمارەکانی گۆڤاری) (ڕامان) دەکات، لە ژمارەی (٤) (ـەوە) تا ئەمڕۆ، هەروا گۆڤاری (گوڵان (ال)عربي) و چەند دانەی ژمارەکانی دوایی، کە بۆ برادەرێک لە بەغدا دەبیا (٧)، تکایە بەپێی ئیمکان یارمەتی بدەن، سوپاس.

**ئیمزا**

**١٩٩٧/٥/٥**

گۆڤارەکان

تەسلیمی کاک ئەنوەر میرزا (٨) بکەن (لە وەزارەت).


* نامەی چوارەم


بەڕێز کاک ئازاد عەبدولواحید

سڵاوێکی برایانە:

بزانن کێشەی کاک (نەبەزی ئەحمەد بچکۆل) (٩) لە ڕووی مووچەوە چییە؟ ئایا لای ئێوەیە، یا لە ڕادیۆ؟

بەڕێز کاک سامی عەبدولڕەحمان (١٠) دەڵێت کە مووچەکەی (١٣٧٥) دینار بووە، بۆچی کەم





کراوەتـــەوە؟ بـــە تایبەتـــی کـــە ئاوارەشـــە، ڕووی موشـکیلەکە لەمـن کـراوە، بەڵـکوو موعالەجەیـەک بکرێـت، (١١) سـوپاس.

**ئیمزا**

**فەلەکەددین کاکەیی**

**وەزیری ڕۆشنبیری**

**١٩٩٧/٧/٧**

*** نامەی پێنجەم**

دەقـی نامەکـەی بەڕێـز (سـامی عەبدولڕەحمان)ــە کـە بـۆ بەڕێز فەلەکەددین کاکەیـی نـاردووە و داوای لـێ دەکات کێشـەی مووچەکـەی (نەبـەزی ئەحمـەد بچکـۆل) چارەسـەر بـکات، ئەویش ڕووبەڕووی منـی کردووەتـەوە، کـە ئـەو کاتـە ئەندامـی ئەنجوومەنـی کارگێـڕی گـۆڵان بـووم، تـا چارەسـەری بکەیـن، ئەمـەش دەقـی نامەکەی کاک (سـامی عەبدولڕەحمان) ــە کە بە زمانی عەرەبی نووسیویەتی:

الأخ العزيز كاك فلكالدين المحترم

تحية طيبة

الأخ نبز أحمد بچکول، شـاعر و محـرر منتـج في گولان، كان راتبـه ١٣٧٥، ولكن يبدو أنـه قد قلصـوه الـى ٦٨٠ دينـار. واضـح ان هـذا المبلـغ لايكفيـه بـأي حـال مـن الأحـوال. لذلـک بصفتكم رئيـس مؤسسـة گـولان (ولـو مؤقتـا)(١٢)، يرجـى اعـادة راتبـه الـى حالتـه السـابقة، أي (١٣٧٥) دينـار وتثبيـت ذلـک، مـع الـود والتقديـر.

**أخوک**

**م. م. الثقافة والأعلام**

*** نامەی شەشەم**

بەناوی خوا

هەرێمی کوردستانی عێراق

ئەنجوومەنی وەزیران


وەزارەتی ڕۆشنبیری

وەزیر

بەڕێز کاک ئازاد عەبدولواحید

سڵاوێکی برایانە:

کاک (فەلسـەفی) دێـت، دەتوانێـت گۆڤـار و ڕۆژنامەکانـی گـۆڵان بگەیەنێـت بـە بەغدا، لـە هـەر بڵاوکراوەیەکتـان (لەوانـەش کتێبـەکان)، دەتوانـن ٢ دانـەی پـێ بـدەن (یـا زیاتـر)، دانەیـەک بـۆ خۆیـان، دانەیەکیـش بـۆ ئـەو ڕۆشـنبیرانە لـە



هەرێمی کوردستانی عێراق

سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران

وەزارەتی ڕۆشنبیری

نووسینگەی وەزیر

ژمارە :

بەروار : / / ١٩٩

بەڕێز کاک ئازاد عبدالواحد

سلاوێکی برایانە،

بابەت/


بزانە کێشەی کاک (نەبەزی احمد بچکول) لەرووی موچەوە چیە؟ ئایا لای ئێوە یا لە ڕادیۆ؟

بەڕێز کاک سامی عبدالرحمن دەڵێت کە موچەکەی (١٣٧٥) دینار بووە. بۆچی کەم کراوەتەوە! بە تایبەتی کە ئاوارەشە. رووی موشکیلەکە لەمن کراوە. بەڵکو موعالەجەیەک بکرێت. سوپاس.

١٩٩٧/٧/٧

فلک الدين کاکەیی

وەزیری ڕۆشنبیری




بەغدا، لەگەڵ سوپاس.

**ئیمزا**


**١٩٩٧/٧/٢٠**

**پەراوێزەکان:**

(١) فەلەکەددین کاکەیی: ناوی تەواوی (فەلەکەددین سابیر حموود کاکەیی)یە، ساڵی ١٩٤٣، لە گوندی (ئەلبوو گەسە)ی سەر بە دوبز لە دایک بووە، نووسەر و ڕۆژنامەنووسێکی دیار و بەرچاوی گەلەکەمانە، بە زمانی کوردی و عەرەبی نووسیویەتی، ڕۆشنبیرییەکی هەمەجۆری هەبوو، قەبرم تەنگە، لەهەموو بوارەکاندا، شارەزایانە و زۆر جوان دەینووسی، دەتوانم بە بیرمەند ناوی ببەم. پیاوێکی زۆر هێور و ئارام و بێدەنگ بوو، ژیانی سەرومڕ بۆ خوێندنەوە و نووسین تەرخان کردبوو، لە شاخ و لە شار، قەڵەمێکی بە بڕشت و بزێو و چالاکی هەبوو، قەڵەم لە دەستی نەدەترازا. کەسێکی ڕقن نەبوو، لێبوردە و بیر و مێشک کراوە و فراوان بوو، هیچ جۆرە دەمارگیرییەکی تێدا نەبوو، هەموو کەسێکی خۆش دەویست و باوەشی بۆ هەمووان کردبووەوە. دەروێشێکی پاک و دڵسۆزی کوردایەتی بوو، دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ و ساڵانی دواتر چووەتە ڕیزەکانی حزبی شیوعی عێراقەوە و بووەتە ئەندامی ئەو حزبە، بەڵام دوای چەند ساڵێک ڕیزەکانی ئەو حزبەی بەجێهێشتووە و پێوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووە، سەرەتا کە بە چەپ دەستی بە سیاسەت کردووە، هەر ئەو کاتە چەند ساڵێک لە کونجی زیندان توندکراوە، دواتر لە ساڵی ١٩٦٥ەوە پێوەندی بە شۆڕشی ئەیلوولەوە کردووە. مرۆڤێکی چەندی بڵێی بەڕێز و ڕەوشت بەرز بوو، ئەوەندەی لەنزیکەوە ناسیومە، کەسێک بوو هەمیشە ڕووی لە خێر بوو، دژی شەڕ و ئاژاوەگێڕی و براکوژی دەینووسی، زۆر ورد و حیساو بۆ کراو هەنگاوی دەنا، تەنانەت زەرەر و زیانی بۆ مێروولەیەک، گیاندارێکیش نەبوو، چ جای بە زەرەر گەیاندن و ئازاردانی مرۆڤ، بەتایبەتی هاوڕێکانی بگات. ئەو نەک بەکردەوە، بگرە بە بیرکردنەوەش بیری لە ئازاردانی کەس نەدەکردەوە، خۆشی زۆر جار دەبووە نێچیری


پارتی دیموکراتی کوردستان -یەکگرتوو
مەکتەبی سیاسی
ژمارە:
ڕۆژ: ١٩٩٧/٥/٦

الأخ العزيز كاك فلك الدين المحترم
تحية طيبة
الأخ شيرزاد بجاول شاعر محمود
منتسب في گولان راتبه
كان راتبه ١٣٧٥ ولكن يبدو
أنه قد خفض الى ٦٨٠ دينار.
وأصبح ان هذا المبلغ لا يكفيه
بأي حال من الأحوال. لذلك
نطلب منكم ... مؤسسة
گولان (ولو مؤقتا) يرجى
اعادة راتبه الى حالته السابقة
أي (١٣٧٥) دينار وتثبيت ذلك
مع الود والتقدير
أخوكم
م.م. للثقافة والاعلام


Kurdistan Region of Iraq
Council of Ministers
Ministry of Culture
The Minister

هەرێمی کوردستانی عێراق
ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی ڕۆشنبیری
وەزیر

بەناوی خوا
بەڕێز کاک ئازاد عبدالواحد
سڵاوێکی برایانە:
کاک (...) دێت، دەتوانێت گۆڤار و
ڕۆژنامەکانی گوڵان بگەیەنێت بە بەغدا.
لەهەر بڵاوکراوەیەکتان (لەوانەشی کتێبەکان)
دەتوانن ٢ دانەی دیاری بدەن (یا زیاتر): دانەیەک
بۆ خۆیان، دانەیەکیش بۆ ئەو ڕۆشنبیرانەی لە بەغدان.
لەگەڵ سوپاس.
Felak - Aldin Kakaie
Minister of Culture
١٩٩٧/٧/٢٠

دەستی ئازاردان لەلایەن کەسانێکەوە کە لێی تێ نەدەگەیشتن. ئەو پیاوە تێکۆشەرە لەوەتەی فامی کردووەتەوە، هەر لە بەرەی میللەتە مافخوراو و ستەملێکراوەکەی بووە، لە سەنگەری بەرەڤانی لە مافی ڕەوای میللەتە سەرکوتکراو و بێبەشەکەی، دژی ناهەقی و زوڵم و داگیرکاری جەنگاوە، بۆ بەدیهاتنی ئامانجە پیرۆزەکانی میللەتەکەی هەر زوو ڕووی کردووەتە شاخ و وەک پێشمەرگەی قەڵەم و ڕاگەیاندن، بۆ هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی گەلەکەی تێکۆشاوە. ئەو کوردە گەرمیانییە، لە تافی لاوێتییەوە خەریکی خوێندنەوە و نووسین بووە، لەناو شۆڕشی کورددا تەنیا خۆی بۆ لایەنی ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندنی ناو شۆڕش تەرخان کردووە، بۆیە بەردەوام لە ئێزگەی دەنگی کوردستان و بڵاوکراوەکانی شاخ نووسیویەتی و بەرهەمەکانی بڵاوکردووەتەوە. لە ژیانی نووسەرایەتی خۆیدا، بە زمانی کوردی و عەرەبی نووسینێکی زۆری لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردی و عەرەبی نووسیوە، ڕاستە لیژنەیەک بۆ کۆکردنەوەی بەرهەمەکانی پێکهات، کە دواتر نووسین و بەرهەمەکانی لە دووتوێی (٢٢) کتێب و نامیلکەدا چاپ کران، بەڵام دڵنیام ئێستاش بە دەیان نووسینی دیکەی، بە زمانی کوردی و عەرەبی ماون و لە بەرگی هیچ کتێبێکدا بڵاو نەکراونەتەوە و خوێنەرانی ئەمڕۆمانی لێ بێبەشن. فەلەکەددین کاکەیی لەناو شۆڕشی کورددا، یەکێکە لە سیاسەتوانە ڕۆشنبیرەکان، بۆیە هەمیشە لەلایەن سەرکرایەتیی شۆڕشەوە، کەسێکی ڕێزلێگیراو و خۆشەویست بووە، لەلایەن نەیارە سیاسییەکانیشییەوە، جێگەی ڕێز و خۆشەویستی بووە و حیساب بۆ قسە و بیروڕاکانی کراوە. ئەندام پەرلەمانی خوولی یەکەم و لە دوو کابینەی (٣) و (٥)دا، وەزیری ڕۆشنبیریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بوو. لەناو ئەدەبیات و ڕۆشنبیریی کوردیدا، ناوێکی پڕشنگدارە و بە نەمری و جاویدانی دەمێنێتەوە، حەیف و مخابن لە ٢٠١٣/٧/٣١ کۆچی دوایی کرد و تەرمەکەیان لە پیرمام بە خاک سپارد.

(٢) بە نووسراوی فەرمی، ژمارە ١٢١/٧/١، لە ١٩٩٨/١/٢٧ نووسراوە (لیژنەکە بە سەرپەرشتی بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری پێک دێت)، منیش بە سکرتێری لیژنەکە دانراوم. ژمارەی داهاتوو نووسراوەکە بڵاو دەکەمەوە.

(٣) وەک سەروکاری ئەو یادە گرنگە، بە نوێنەرایەتیی وەزارەتی ڕۆشنبیری و خودی وەزیری ڕۆشنبیری (فەلەکەددین کاکەیی) لەو لیژنەیە دانرابووم، دانانی بەرنامەی یادەکە و بانگهێشتکردنی میوانەکان و بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی یادەکە، زۆر سەرکەوتووانە بەڕێوەچوو.

(٤) سەرۆ قادر: لە ساڵی ١٩٦٠ لە شاری ڕانیە لەدایک بووە، هەر لەو شارەدا خوێندوویەتی، وەک کەسێکی چەپ و شیوعییەک چووەتە ڕیزەکانی حزبی شیوعی لە شاخ، لە دوای ڕاپەڕینەوە هاتووەتە ناو پارتی، چەند ساڵێک بەرپرسی دەزگای ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندنی گوڵان، چەند ساڵێکیش بەرپرسی ڕاگەیاندنی پ. د. ک بووە، ژمارەیەک کتێبی دانراو و وەرگێڕاوی هەیە.

(٥) فەیسەڵ دێهاتی: ناوی تەواوی فەیسەڵ حەسەن قادرە، ساڵی ١٩٦٣ لە هەولێر لەدایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر تەواو کردووە. لە ساڵی ١٩٨٢ بە وتارێک دەستی بە نووسین کردووە، بەڵام ساڵی ١٩٨٤ بەتەواوی هاتووەتە ناو دنیای نووسینەوە. لە ١٩٨١ — ١٩٨٨ لە شاخ بووە، لەوێ لە گۆڤاری (هەڵوێست)دا کاری کردووە،

ئـەم گۆڤـارە (٧) ژمـارەی لـێ دەرچـووە، کـە مەڵبەنـدی گشـتیی یەکێتیـی نووسـەرانی کوردسـتان دەری کـردووە. لـە گۆڤـاری نووسـەری کوردسـتان کـە لـە شـاخ دەرچـووە، کاری کـردووە و (٣) ژمـارەی لـێ دەرچـووە. لـە سـاڵی ١٩٩١ – ١٩٩٤ لـە ڕۆژنامـەی برایەتـی کاری کـردووە. لـە سـاڵانی ١٩٩٤ – ٢٠٠٧ لـە دەزگای گـوڵان کاری کـردووە. سـاڵی ٢٠٠٧ وەک سەرنووسـەری ڕۆژنامـەی هەولێـر کاری کـردووە. سـاڵی ٢٠٠٩ تـا دواژمـارەی لـە ڕۆژنامـەی بـارزان کاری کـردووە. لـە ژمـارە ١٥- ٢٠ دەسـتەی نووسـەرانی گۆڤـاری نووسـەری نـوێ بـووە، کـە لقـی هەولێـری یەکێتیـی نووسـەرانی کـورد دەری کـردووە. لە ژمارە ٢١ – ٢٣ سـکرتێری نووسـینی گۆڤـاری نووسـەری نـوێ بـووە. (٥) کتێبـی چاپکـراوی هەیـە، چەنـدان وتـار، شـیعر، چیـرۆک، دیـداری ڕۆژنامەوانـی و بابەتـی دیکـەی لـە سـایتە ئەلکترۆنـی و ڕۆژنامـە و گۆڤارەکانـدا بڵاوکردووەتـەوە.

(٦) ئەبووبەکـر، کـە بـە ئەبووبەکـر فەلسـەفی ناسـرابوو، کوردێکـی ڕۆژهـەڵات و ئەندامـی حزبـی دیموکراتی ئێران بوو، دوای ئەوەی یەکترمان ناسـی، نـاو بەنـاو سـەردانی دەکردم، لەبەرئـەوەی بـەردەوام هاتوچـۆی بەغـدای دەکـرد و ئۆتۆمبێلەکانیـان لـە بازگـەکان نەدەپشـکنران، بۆیـە کـە دەهاتـە لام، گۆڤـار و چاپکـراوی خۆمانـم دەدایـێ، لەناویانـدا گۆڤـاری ڕامـان کـە بـۆ هەمـوو هـاوڕێ نووسـەر و ئەدیبەکانـی بەغـدای دەبـرد لەوانـە: محەمـەدی مـەلا کەریـم، د. کەمـال مەزهـەر، خوسـرەو جـاف، عەبدولـڕەزاق بیمـار، د. فوئـاد حەمەخورشـید، محەمـەد بـەدری، حسـێن جـاف و تـاد.

(٧) برادەرەکـە محەمـەدی مەلاکەریـم بـوو، کـە بـۆ ئـەو مەبەسـتە نامـەی تایبەتـی بـۆ منیـش ناردبـوو.

(٨) ئەنوەر میرزا: ئـەوە پیـاوە تێکۆشـەرە، لـە شۆڕشـی ئەیلوولـدا پێشـمەرگە بـووە، سـاڵی ١٩٤٣ لـە قـەڵادزێ دایـک بـووە، سـاڵی ١٩٦٧ پێوەنـدی بـە شۆڕشـەوە کـردووە، چەنـد زمانێکـی دەزانـی، کاتـی خـۆی لـە شۆڕشـی ئەیلـوول لـە ئێزگـەی دەنگـی کوردسـتان وەرگێـڕ بـوو، زیاتـر لـە زمانـی ئینگلیزییـەوە وتـار و ڕاپۆرتـی وەردەگێـڕا. سـەرەڕای کاری وەرگێـڕان لـە ئێزگـە، لـە قـەڵادزێ نوێنـەری مەکتەبـی ڕاپەڕانـدن (تەنفیـزی) بـوو، کـە لـە پیرمـام بووین چەنـد سـاڵێک لـە گـوڵان وەرگێـڕ بـوو، دوایـی کـە فەلەکەددیـن کاکەیـی بـووە وەزیـری ڕۆشـنبیری، بردییـە لای خـۆی و کردییـە بەرپرسـی پێوەندییەکانـی وەزارەت.

(٨) نەبـەزی ئەحمـەد بچکـۆل: نـاوی تـەواوی (نەبـەزی ئەحمـەد بچکـۆل سـاڵح ڕەسووڵ)ـە، سـاڵی ١٩٥٨ لـە سلێمانی، لـە گەڕەکی دەرگەزێن لەدایک بـووە. دەرچووی ئامادەیی پیشەسازییە، سـاڵی ١٩٨٣ بـۆ یەکـەم جـار لـە ئەمیندارێتـی گشـتیی شـارەوانی و گەشـتوگوزار – فەرمانگـەی گشـتی ئاووئـاوەڕۆ دامـەزراوە، سـەرەتا لـە هەولێـر لـە ئـاوی ئیفـراز دەسـتبەکار بـووە، لەبەرئـەوەی کـەس نەچووەتـە ئـەو شـوێنە، بۆیـە هـەر ئەوکاتـە خانووشـیان داوەتـێ، (٣) سـاڵ لـەوێ ماوەتـەوە کـە نـاوی بـۆ چوونـە سـەربازی هاتووەتـەوە، چونکـە پێشـتر بـە ئینتیداب لـە وەزیفـە دانـراوە، تا شـەڕی عێراق – ئێران وەسـتاوە سـەرباز بووە، دواتـر وەک سـەرباز بـۆ دوکان گوێزراوەتـەوە، تـا ڕۆژی ڕاپەڕیـن هـەر لەوێ سـەرباز بـووە، کە ڕژێمی بەعـس ڕووخـا، چووەتـە شـارەوانی سـلێمانی و وەک فەرمانبـەر لـەوێ دەسـتبەکار بـووە. سـاڵی ١٩٩٤ بەهـۆی بیـروڕای سیاسـییەوە ئـاوارە بـووە، شـیعری سیاسـی و نیشـتمانی زۆری نووسـیوە و لـە بۆنەکانـدا بەشـداری کـردووە، دیوانێکـی بەناوی

(مەشخەڵە شیعر) چاپ کردووە.

(٩) سامی عەبدولڕەحمان: ناوی تەواوی (محەمەد مەحموود عەبدولڕەحمان)ـە، ساڵی ١٩٣٣ لە شنگال – مووسڵ لەدایک بووە. ساڵی ١٩٥٢ بە (بعثة)ی حکوومەت بۆ شانشینی یەکگرتووی بریتانیا نێردراوە. لە ساڵی ١٩٥٣ لە زانکۆی مانچستەر وەرگیراوە. ساڵی ١٩٥٧ ماستەری لە ئەندازیاریی کارەبا وەرگرتووە و گەڕاوەتەوە عێراق. ساڵی ١٩٥٨ بە ئەندازیار لە وەزارەتی نەوت دامەزراوە. لە دامەزرێنەرانی سەندیکای ئەندازیارانی عێراق بووە، ساڵی ١٩٥٩ بە سکرتێری سەندیکای ئەندازیارانی عێراق هەڵبژێردراوە، هەر ئەو ساڵە لە شاری مووسڵ مولازمی دووەمی یەدەگ بووە، لەکاتی یاخیبوونەکەی عەقید ڕوکن عەبدولوەهاب شەواف ١٩٥٩/١٠/١٦، پشتگیری زەعیم ڕوکن عەبدولکەریم قاسم بووە و دژی یاخیبوونەکە وەستاوە. زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی زانیوە، بەشداری لە شۆڕشی ئەیلوول و (گوڵان)دا کردووە، دوای ماوەیەک دابڕان لێی، ساڵی ١٩٩٣ هاتووەتەوە ناو پارتی، دوایی بووەتە بەرپرسی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی مەکتەبی ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندن. لە ٢٠٠٤/٢/١ لە کردەوەیەکی تیرۆریستیدا، لە هەولێر لەگەڵ نزیکەی (١٠٠) سەرکردە و کەسی دی شەهید بووە.

(١٠) (ولو کان مؤقتا)، فەلەکەددین کاکەیی بەشێوەیەکی کاتی کرابووە سەرپەرشتیاری دەزگای گوڵان، بۆیە سامی عەبدولڕەحمان ئەوەی بۆ نووسیوە و ئاراستەی کردووە، بەڵام سەرپەرشتیارییەکەی دووراودوور بوو، لەناو دەزگاکە دەوامی نەدەکرد، ئەگەر لە نزیکەوە ئاگای لە ئیشەکانی دەزگاکە بووایە، ئەوە ئەو داوایەی لە من نەدەکرد، چونکە من بێجگە لە ئیشی خۆم لە گۆڤاری ڕامان، دووروونزیک ئاگام لە ئیشوکاری کارگێڕی و دارایی دەزگاکە نەبوو، بۆیە نەک نەمدەتوانی مووچەی (نەبەز ئەحمەد بچکۆل) چاک بکەم و وەک خۆی لێ بکەمەوە، یان بتوانم هیچی بۆ بکەم، بگرە دیاریکردنی بڕی مووچەکەی خۆشم هەر بەدەستی کەسانی دیکەوە بوو.